# سەردانێکی کتێبخانە

- گەورە و بچووک، دەرگای کتێبخانەکەمان تێدەپەڕێنن و سەرسام دەبن
- بچوکەکە: بڕوانە، ئەو هەموو پەڕتووکە !
- گەورەکە : بڕوانە، ئەوە کارمەندێکی کتێبخانەکەیە، دڵنیام هاریکاریمان دەکات.
- کارمەندی کتێبخانە : بەخێربێن بۆ کتێبخانە، چۆن دەتوانم هاوکاریتان بکەم؟
- گەورەکە : فەرموو، ئەمە ناسنامەکەم، دەمانەوێت شتێک ببەین.
- کارمەندی کتێبخانە : بە کارتی ناسنامە دەتوانن پەرتووک و ئایتمی تریش ببەن.
- گەورە و بچووک گەشتێک بە ناو کتێبخانەکەدا دەکەن.
- کتێبخانەکە پەرتوکێکی زۆر لە خۆی دەگرێت. سەردانکەران بە شوێن پەرتووکدا دەگەڕێن و دەیانبەن. فیلم و دی-ڤی-دیش بە دەستدەکەون.
- بچوکەکە : بڕوانە، ئەوە ئەو فیلمەیە کە حەزدەکەم ببینم، دەیبەم!
- تێدەپەڕن و لە کوچێکدا هاوڵاتیەک لەسەر کورسیەک پاڵی داوەتەوە و پەرتووک دەخوێنێتەوە، یەکێکی دی بە دوی زانیاریدا دەگەڕێت.
- هێندێک لەولا تر، چەنک هاوڵاتیەک لەسەر مێزەکان دەخوێننەوە و دەنووسن.
- گەورەکە : هێشتا ئەو پەرتووکەی نەدۆزیوەتەوە کە بە دویدا دەگەڕێت.
- گەورەکە : وەرە!
- رووودەکاتە کارمەندی کتێبخانەکە کە لەسەر پەیژەیەکە :
- گەورەکە : نازانم لە کوێ ئەم پەرتووکە بدۆزمەوە!
- کارمەندی کتێبخانەکە : وەرە لەگەڵم.
- چەند ڕەفەیەک تێدەپەڕن پێش ئەوەی پەرتووکەکە بدۆزنەوە.
- کارمەندی کتێبخانەکە : فەرموو، ئەمە پەرتووکەکەت.
- گەورەکە : زۆر سوپاس!
- پێکەوە بەرەو مێزی سەرەکی کتێبخانەکە بە ڕێ دەکەون. پەرتووک و فیلم و کارتی ناسنامەکە دەخەنە سەر مێزەکە. کارمەندی کتێبخانەکە ئایتمەکانیان بۆ تۆماردەکات و بە سوپاسەوە ئاگاداریان دەکاتەوە لە دواین مۆڵەتی گێرانەوەی ئایتمەکان.
- گەورە و بچووکەکە ماڵئاوایی لە کارمەندی کتێبخانەکە دەکەن. بێگومان سەردانی کتێبخانەکە دەکەنەوە لە ئایندەدا.